# سەدام و هەڵبژاردن ؟

ئاسۆعەبدوللەتیف

سەدام ئێستا ئیتر فەرماندەو سومبول نیە، پیاوی کۆشکەکان و نێو جامە تاریکەکانیش نیە،وەك جاران پێشوازی لە سەرۆکەکان و دیبلۆماتکارەکان ناکات، منداڵەکانیشی بە چواردەوریەوە نین، ئەوەندەی بە جلێکی پرتەقاڵیەوە وەك فیگۆرێکی درندەو دۆراو لە چاوەروانی شتێکدایە کە کەس نایزانێت،مەگەر دیلێ کارنجیەك زیندوبێتەوەو پێشبینی دوارۆژی ئەم پیاوە بکات، ئاخۆ سەدام ئەمرێت و بە نەخۆشیەکەوە سەر ئەنێتەوەو زوخاوی لەدەستدانی دەسەڵات و عەشرەت و زێرو پارەو کورە فاسیدەکانی ئەباتە ژێر گڵی عوجەو تکریت؟ ئاخۆ دوور ئەخرێتەوە بۆ یەکێك لە وڵاتە ئەورووپی یان عەرەبیەکان و ژیانی دوورە عێراقی خۆی بە ماسیگرتن و خوێندنەوەی رۆمانەکان بەسەر ئەبات وەك زاهیر شاو عیدی ئەمین و شەوانیش سەیری هەواڵی تەشریفاتیانەی بەرپرسە عێراقیەکان ئەکات لە تیڤیەکانەوە؟ ئەبێتەوە بە ئەفسانەو وەك سومبول زیندو ئەبێتەوە لە دڵی عەرەبداو دیموکراسیەت ئەبێتە خەڵاتێکی چەور بۆی و ئەبێت بە کاندیدی سەرۆکایەتی و دەنگ بەدەست دێنێتەوەوجارێکی تریش بۆ خولێکی نوێ و سەرەك کۆماری عێراقی فیدراڵ و دیموکرات؟ ئەی ئەبێتە کاندیدی مەرگ لە سجنی ئەمریکیەکاندا؟ هەریەك لەمانە بۆ خۆی هەڵگری دنیایەك تراژیدیایە بۆ کوردو تاکی ئازارچەشتوی عێراقیەکان، ئاخر پیاوێك لە تاوان چۆن پاك ئەکرێتەوەوچۆن ئەبێت رێگەی پێ بدرێت هەوا هەڵبمژێت خودایە؟ چۆن رێگەی پێ بدرێت خواردن بخواو سادەترین خەیاڵی خۆشخوان بخوات؟ ئەوە لە سەردەمی هەڵەبجەو ئەنفالدا ماف مرۆڤ و ئەمنستی ئەنتەرناشناڵ و پارێزەرە عەرەبەکان لە کوێ بوون خودایە؟ کام یاساو نۆرمی یاسایی و دادگای دادپەروەر ئەتوانێت سەدام بکاتەوە بە مرۆڤ ؟ بێگومان کەس ناتوانێت سەدامی مردوو زیندو کاتەوە خۆمان نەبین، وە بۆئەوەی سەددام بە یەکجاریی بکوژین یەکەم بە یەکهەڵوێستی بۆ دادگاییەکی عادیلانەی سزادەر و دووەم بە کوشتنی کولتورەکەی،بەڵام تا ئێستا هیچیان ئەنجام نەدراوەو زۆریش خوێنساردین بەرانبەر ناوێك کە سەدامەو ژیانی هەموومانی کردبویە دۆزەخ، نازانم ئەم وەستانە بۆ ئەوەیە تا رقی شەقامی عێراقی خاوبێتەوە بەرانبەری یان بۆ مەبەستی ترەو ئێمە نایزانین؟ ئەگەر نەیزانین کەواتە هێشتا ئەو کولتورەی سەدام لەناو نەچوە بۆ شاردنەوەی راستیەکان، وەهێشتا بۆ ئەو شوێنەی سەدام کەسانی وەها ئەبینین وەك کاندیدکراو خەوی پێوە ئەبینن، پراوپر ئەڵێی سەدام بەدەستی خۆی دروستی کردوون، بەڵام ئێمە لە عێراقدا ئەبێت چەند دیکتاتۆر بکوژین، من پێم وایە سەدام هەموومانی کرد بە دیکتاتۆرو ئەگەر دادگایی بکرێت ئەبێت زۆرێکمان دادگایی بکرێین، بۆیە باشترە کولتورەکەی دادگایی بکەین و نەیهێڵینەوە لە زیهن و یادەوەری رۆژانەماندا، ئەگەرچی سەدام تەنها مەرگ ئەتوانێت مەلەفەکانی بپێچێتەوەو تەنها خاك و دادگای ئیلاهیش ئەتوانێت دادگایی بکات، لێرەوە لە سەروبەندی دارشتنی دەستورو تازە کردنەوەی هەیکەلی رماوی عێراق و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان و کێبرکێ بۆ پۆستەکانی سەرۆکایەتی لە عێراقدا یەکێکە لە هەنگاوە دیموکراسیەکانی پاش بەعسیزم کە دەیەوێت بەو ئاراستەیەدا بروات کە ئەزمونی بەعسیزم و سەدامیزم دووبارە نەبێتەوەو گەلانی عێراق رابهێنرێن لەسەر مومارەسەکردنی بەهاکانی کۆمەڵگای مەدەنی، هاوکاتی ئەم پرسانە مەسەلەی دادگایی کردنی سەرانی رژێمی دیکتاتۆری بە سەدامی سەرۆکی فەرماندەیی سجنەوە بازاریان گەرمەو بەرەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی شۆڤێنیش ناوە ناوە دەیانەوێت بەعسیەکان بکەنە فریشتەو پاڵەوانی شەرە دۆراوەکەیان دژ بە ئەمریکا، بەڵام ئایا تازە سەرانی بەعس و تەنزیمە هەمەجی و پەرش و بڵاوەکەیان دەیانەوێت چی بکەن و بە چ ئومێدێکەوە سیاسەت ئەکەن؟ بۆخۆی ئەم دۆخەی عێراق کە لەلایەك دەسەڵات و دەستور دا ئەنرێت و لەلایەکی ترەوە سەدام و باندەکەی لە چاوەروانی دادگایکردندان ئاخۆ بەرائەتیان دەرئەچێ یان بە سزای خۆیان ئەگەن؟ وەك چۆن محمد زاهیری پادشای ئەفغانستان کە لە ساڵی 1933 بۆ 1973 حوکمی ئەو وڵاتەی کرد پاش کودەتاو دەرپەراندنی لە وڵات ژیانی ئاوارەیی و پەناهەندەیی لە ئیتالیا و رۆما هەڵبژارد، یان عیدی ئەمینی سەرۆکی دیکتاتۆری ئۆگەندا کەلە وڵات دەرکراوگڵۆڵەی کەوتە لێژی وڵاتی سعودیەی هەڵبژارد، ئەی تۆبڵێی سەددام وەکو کاندیدێکی ترسناك ئەمجارەیان کام کون هەڵبژێرێت بۆ خۆشاردنەوەو خەجاڵەتکێشان؟!